# مەولەوی و عەقیدەی ئەشعەرییەت

# (زوبدەی عەقیدە) بە نموونە

نێچیروان جاسم وەلی

کۆلیژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/١٠/١٢

ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە:**

مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە) یەکێکە لە نووسراوە عەقیدەییەکانی مەولەوی و بەرهەمێکی گرنگی ناوبراوە, کە مەولەوی بە شێوەی هۆنراوە (نظم) کۆمەڵێک بنەمای گرنگی تایبەت بە بیروباوەڕی ئەشعەرییەتی تێدا خستووەتە ڕوو و لێیان دواوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مەولەوی و عەقیدەی ئەشعەرییەت (زوبدەی عەقیدە) بە نموونە) بریتییە لە توێژینەوە لە بنەماکانی ئەشعەرییەت لە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی و پەیوەندیی مەولەوی بە بیروباوەڕی ئەشعەرییەتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەشعەرییەت لەو مەنزومەیە ڕوون دەکاتەوە.

پاش ئەوە توێژەر لە مەنزومەکەی کۆڵیوەتەوە و بنەماکانی ئەشعەرییەتی تێدا دیاری کردووە و بە نموونەی هۆنراوەوە شی کردووەتەوە, لەوانە: خود و سیفەتەکانی خوا, کەلامی خوا, بینینی خودا, سنووری باوەڕ, تیۆری کەسب, گوناهی گەورە و پاداشت و سزا, موعجیزەی پێغەمبەر (د.خ), شەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ), جێنشینی...هتد.

**وشە کلیلییەکان:** مەولەوی, عەقیدە, ئەشعەرییەت, زوبدەی عەقیدە

## پێشەکی

ئەم توێژینەوە تیشك دەخاتە سەر ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئەشعەرییەت لە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەویدا, لایەنەکانی بیروباوەڕی ئەو ڕێچکە و گروپە ئیسلامییە لەو مەنزومەیەدا پیشان دەدات, بنەما سەرەکییەکانی بیروباوەڕی ئەشعەرییەت و چۆنیەتیی بەرجەستەبوونیان لە مەنزومەکە بە نموونەوە دەخاتە ڕوو.

میتۆدی توێژینەوەکە: سوود لە میتۆدی وەسفیی شیکاری وەرگیراوە, بە واتای ئەوەی ئەم بابەتە وەسفی دیاردەکانی بابەتی توێژینەوەکە دەکات, هەوڵی پێناسەکردنی دەدات و دەیەوێت لە چوارچێوەی شیاوی خۆیدا دایبنێت. پاشان زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە شی دەکاتەوە و ئەو هۆکارانەی دەوری ئەو بابەتەیان داوە, ڕاڤە دەکات, تا بگات بە ئەنجامی خوازراو.

سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە: بریتییە لە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی, کە چاپ کراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بنەماکانی عەقیدەی ئەشعەرییەت تاوتوێ دەکات, کە گروپێکی گرنگی عەقیدەی نێو کۆمەڵی سوننەت و جەماعەیە و عەقیدەی زۆرینەی کوردیی سوننە مەزهەبە, بۆیە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بنەماکانی ئەشعەرییەت لە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی یارمەتیمان

sjh@univsul.edu.iq

دەدات زیاتر لە بۆچوونە عەقیدەییەکانی ئەو گروپە ئیسلامییە تێ بگەین. جگە لەوەش ئەم مەنزومەیەی مەولەوی پوختەی بۆچوونە عەقیدەییەکانی ناوبراوە و ڕێگە خۆشکەرە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمە عەقیدەییەکانی دیکەی ناوبراو.

ئامانجی توێژینەوەکە: بابەتی عەقیدەنامە بە زمانی کوردی یەکێکە لەو بابەتانەی لە ئاستی زانستی و ئەکادیمیدا وەک پێویست گرنگی پێ نەدراوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەش ئەوەیە لە یەکێک لەو عەقیدەنامانە بکۆڵێتەوە, کە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوییە و ئەم مەنزومە عەقیدەییە کەمتر لێی کۆڵراوەتەوە, بۆیە توێژینەوەکە بنەما و بۆچوونە عەقیدەییەکانی ئەو بەرهەمە دەست نیشان دەکات و بە نموونەوە شییان دەکاتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە, بەم جۆرە:

**تەوەرەی یەکەم:** بە ناونیشانی مەولەوی و بیروباوەڕی ئەشعەرییەتە, تێیدا کورتەیەک لەبارەی سەرهەڵدانی ئەشعەرییەت و پەیوەندیی بە کورد بەگشتی و مەولەویشەوە باس کراوە.

**تەوەری دووەم:** لە چوارچێوەی ڕەنگدانەوەی بنەما سەرەکییەکانی بیروباوەڕی ئەشعەرییەتە لە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)دا و بە نموونەوە تاوتوێ کراوە.

**تەوەری یەکەم: مەولەوی و بیروباوەڕی ئەشعەرییەت**

موسڵمانان لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) لە ڕووی بیروباوەڕەوە بۆچوونی جیاواز و دژ بە یەکیان نەبوو و بە گشتی هەموویان هەمان بیروباوەڕیان هەبووە و خاوەنی یەك بۆچوون و تێڕوانینی ئایینی بوون و ناکۆکی و ناتەباییەکی ئەوتۆ لە نێوان موسڵماناندا نەبوو, بەڵام دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) و هەڵگەڕانەوەی بەشێك لەوانەی بەتەواوی باوەڕدار نەبووبوون و بابەتی دانانی جێنشینی پێغەمبەر (د.خ), جیاڕایی و بۆچوونی جیاواز و تاڕادەیەك ناکۆکی هێنایە نێو موسڵمانانەوە, بۆیە پێشەوا ئەشعەری دەڵێت: ((خەڵکی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەکەیان (د.خ) لە زۆر شتدا جیاوازی کەوتە نێوانیان و هەندێکیان گومڕا بوون و هەندێکی دیکەیان باوەڕدار مانەوە و تا وای لێ هات بوونە گروپگەلی میانڕەو و دەستەگەلی توندڕەو)) (الأشعري, ٢٠٠٩, ٨).

لەمەوە وەرچەرخانێك لە ژیانی موسڵماناندا ڕووی دا و وردە وردە ناکۆکیی گەورەتر و لێکترازانی زیاتر هاتنە کایەوە. تا گەیشتە ئەوەی ڕاوبۆچوونی جیاواز بووە ڕای دژ و پێچەوانە و ناکۆکییەکان قووڵتر بوونەوە, بەتایبەتی پاش فراوانبوونی سنووری دەوڵەت و دەسەڵاتی موسڵمانان و موسڵمانبوونی چەندان نەتەوەی جیاواز و کاریگەربوونی هەندێك لە موسڵمانان بە فیکر و فەلسەفەی یۆنانی. هەروەها پشتیوانیکردنی دەسەڵاتداران لە هەندێك گروپ و دژایەتیکردنی هەندێك گروپی دیکە. هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی دوو دەستەی سەرەکی دەربکەون, ئەوانیش:

**یەکەم:** دەستەی عەقڵگەراکان, کە موعتەزیلە نوێنەرایەتییان دەکردن.

**دووەم:** دەستەی نەقڵگەراکان, کە خۆیان لە هاوەڵانی فەرموودە (ئەهلی حەدیس) دەبینییەوە.

ئەم دوو دەستەیە جۆرێك لە توندڕەوی و ڕەهایی لە بۆچوونەکانیدا هەبوو و تا دەهات لە یەکدی دوور دەکەوتنەوە, بۆیە ئەشعەرییەت وەك کۆکەرەوە و نزیککەرەوەی هەردوو دەستەکە هاتە کایەوە, کە دەیانویست ڕێگەچارەیەک بۆ شیرازەی لێکپچڕاوی دۆخەکە بدۆزنەوە و بە سوود وەرگرتن لە میکانیزم و میتۆدەکانی هزریی عەقڵانیەتیی خودی موعتەزیلە وەڵامی ئەوان بدەنەوە و هەروەها لە لایەکی تریشەوە دەستیان بە دەقیشەوە گرتبوو (ئەمین, ٢٠٠٧, ٣٤). واتە لە بۆچوونەکانیاندا پشتیان بە لایەنی عەقڵی و نەقڵی دەبەست

sjh@univsul.edu.iq

ئەمەش بۆخۆی جۆرێك لە میانڕەوی بوو, بووە هۆی ئەوەی ((بۆچوونەکانی ئەم دەستەیە بە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکەدا بڵاو بوویەوە و بۆ ماوەی نزیکەی دە سەدە باڵی بەسەر هزر و بیروباوەڕی ئایینیی موسڵماناندا کێشا و نەتەوەی کوردیش بەدەر نەبووە لەم کارە)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ١). لە ڕووی مێژووییەوە و لە کۆنەوە زانایانی ئایینی و مەلا و موسڵمانی کوردی سوننی لە فیقهدا پەیڕەوی مەزهەبی شافعییان کردووە و لە ((بیروباوەڕیش ئەشعەرییەت باڵی بەسەریاندا کێشا بوو)) (شوان, ٢٠١١, ٩٢). کەواتە دووانەی ئەشعەرییەت و شافعییەت وەک عەقیدە و فیقە لای زانای ئایینی و مەلای کوردی سوننە ڕەنگی داوەتەوە و پێکەوە بەرجەستە بوون.

سەبارەت بە مەولەوی وەک مەلا و زانایەکی شارەزای کورد, جگە لە زوبدەی عەقیدە چەندان دانراوی لەبارەی عەقیدەوە هەیە, لەوانە:

١_ عەقیدەی مەرزییە (عقیدە المرضیة), بە زمانی کوردی باسی بیروباوەڕی موسڵمانان دەکات.

٢_ ئەلفەزیلە (الفضیلة) بە زمانی عەرەبییە و لە ٢٠٣١ دێڕ پێکهاتووە.

٣_ ئەلفەوائیح (الفوائح) بە زمانی فارسییە و ٥٢٥ دێڕە (کەریم, ٢٠٠١, ١٠).

بەدەر لەوانە عەقیدەنامەیەکی ١١٤ دێڕی هەیە, کە بۆ منداڵان نووسراوە (قەرەداغی, ١٩٩٣, ٥٣). هەموو ئەو عەقیدەنامانە بە هۆنراوە (نظم)ن, بەڵام مەولەوی عەقیدەنامەی بە پەخشانیشی هەیە, کە کۆمەڵێک لایەنی عەقیدەی ئەشعەرییەتی تێدا ڕوون کردووەتەوە (قەرەداغی, ٢٠٠٨, ٣٤٠).

سەبارەت بە ئاشنابوونی مەولەوی بە عەقیدەی ئەشعەرییەت, سەرەڕای ئەوەی عەقیدەنامەکانی لەسەر ئەو مەزهەبە عەقیدەییە داناوە, لە چەندان شوێنیش ناوی پێشەوا ئەشعەریی هێناوە:

**لە ئەسڵی دیندا دوو کەسن مەشهوور:**

شێخی ئەشعەری و شێخ ئەبوو مەنسوور (مودەڕیس, ١٩٨٨, ٢٨)

مەولەوی دوو کەس بە پێشەوای عەقیدە دادەنێت, کە یەکێکیان پێشەوا ئەشعەرییە, نەک هەر ئەوەندە, بەڵکوو دەڵێت:

اشعرت إلى الأشعري الوحيد

قلبي ما ترید نحو ما ترید (قەرەداغی, ١٩٨٥, ١٢٩)

مەولەوی هەستی بە لای ئەشعەریدا دەچێت و دڵی نایەوێت بە لای ماتوریدیدا بڕوات, کە مەبەست عەقیدەی ماتورییدییە.

مەولەوی داوا لە خوا دەکات ڕەحمەتی خوا مەزهەبەکەی داپۆشێت:

خولاصە مەزهەب ئەشعەری

داپۆشێ ڕەحمەت باری یەکسەری (قەرەداغی, ١٩٨٥, ١٢٨)

**تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی بنەما سەرەکییەکانی بیروباوەڕی ئەشعەرییەت لە مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)دا**

ئەم مەنزومەیە بە یەکێك لە بەرهەمە عەقیدەییەکانی مەولەوی دادەنرێت و بۆ یەکەم جار ساڵی ٢٠٠٠ چاپ کراوە. باسەکانی ئەم مەنزومەیە لە ٩٤٥ دێڕ هۆنراوە (نظم) پێکهاتووە. هۆنراوەکان لە ڕووی کێشەوە لەسەر کێشی دە بڕگەیین (٥+٥) و لە ڕووی سەرواوە بە سەروای مەسنەوی (جووت سەروا) داڕێژراون و لە ڕووی زمانەوە بە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست بەتایبەتی شێوەزاری ناوچەی (تاوگۆزی) نووسراون, لەگەڵ ئەوەشدا چەندان نیوە دێڕ و دێڕی تەواوی بە زمانی عەرەبی تێدایە.

ئەم مەنزومەیە بە بەراورد بە بەرهەمە عەقیدەییەکانی دیکەی مەولەوی کورتترە, بۆیە ((دەتوانرێ ئەم بەرهەمە بە پوختەی کتێبە گەورەکەی (العقيدة المرضية)ی هەمان شاعیر دابنرێ)) (مەلا موحەمەدی گەلاڵە, ٢٠٠٠, د). بە سەرنجدان لە هەردوو بەرهەمەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت سەرەتا و کۆتاییی هەردوو بەرهەمەکە وەک یەکە و هەروەها لە چەندان شوێندا هەمان دێڕ پات بووەتەوە, بۆ نموونە:

هەورەکەی ڕەحمەت ڕووی سەمای کەرەم     سەڵات و سەلام کەی کەم ئیسە کەم

(زوبدەی عەقیدە, ٢)

هەمان دێڕ لە عەقیدەی مەرزییە:

**هەورەکەی ڕەحمەت ڕووی سەمای کەرەم**

**سەلات و سەلام کەی کەم ئیسە کەم** (مودەڕیس, ١٩٨٨, ٢٨)

مەولەوی لە دێڕی یەکەمدا مەنزومەکەمان پێ دەناسێت و دەڵێت:

**زوبدەی عەقیدە و خولاسەی کەلام     هەر لە تۆ و بۆ تۆس حەمد و ثەنای تام**

(زوبدەی عەقیدە, ٢)

مەولەوی ئەوە دەخاتە ڕوو بەرهەمەکەی پوختەی بیروباوەڕە و کورتەیەکە لە زانستی کەلام.

لە کۆتاییی مەنزومەکەشیدا دەڵێت:

**نیزاع بڕیاوە دەگەڵ خاس و عام     صح العقيدة و تم الكلام**

(زوبدەی عەقیدە, ١٧٢)

لەبارەی کاتی دانانی ئەم مەنزومە عەقیدەیەوە, مەولەوی لە ناوەڕۆکەیدا هیچ ئاماژەیەکی پێ نەداوە, بەڵام بەو پێیەی عەقیدەی مەرزییە لە ((١٨٦٣ یا ١٨٦٤ دەستی بە دانانی کردووە و لە ١٨٦٤ یا ١٨٦٥دا لێ بووەتەوە لێی)) (کەریم, ٢٠٠١, ١٠). مەولەوی ئەم زوبدەی عەقیدەیەی ((بۆ خەڵکان بەگشتی داناوە و دوایی درێژەی پێداوە کە پسپۆڕی ئەو لایەنەن)) (مەلا موحەمەدی گەلاڵە, ٢٠٠٠, ز) بەو پێیە بێت دەبێت ئەم بەرهەمە لە پێش ساڵی نووسینی عەقیدەی مەرزییە نووسرابێت.

مەولەوی لە باسکردنی بنەما سەرەکییەکانی بیروباوەڕی ئەشعەرییەت لە مەنزومە عەقیدەییەکەیدا پەنجەی بۆ هەندێك لە بنەما سەرەکییەکان درێژ کردووە. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو باسانەی, کە تارادەیەك ئەشعەرییەکان جیاوازییان لەگەڵ گروپە ئیسلامییەکانی دیکە هەیە و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەو بۆچوونانەش لە مەنزومە عەقیدەییەکەی مەولەویدا بە نموونەوە دەخەینە ڕوو:

**1_ خود و سیفەتەکانی خوا**: بابەتی خود و سیفەتەکانی خوا یەکێکە لەو باسە سەرەکییانەی, کە گرووپە ئیسلامییەکان جیاوازییان لەنێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان بە پێی بیروباوەڕ و تێگەیشتنی خۆیان لێکیان داوەتەوە. ئەشعەرییەکان بۆ سەلماندنی هەبوونی خود, بۆ بوون (وجود) دەگەڕێنەوە, ئەمەش واتای هەبوونی خوایە, لەبەرئەوەی ((خود واتە خودی خودا کە سەرچاوەی هەموو شتەکانە)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ٥٤).

**هەر خۆتی بۆ خۆت بورهان, دیتر بەس          بەشی خۆی تێکەڵ ناوێ بکا بەس**

(زوبدەی عەقیدە, ٢)

مەولەوی خودی خوای کردووەتە بەڵگە لەسەر هەبوونی خوا, واتە مادام خوا هەیە و ئافرێنەری بوونە, ئەوە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوا.

باسی خود (ذات)ی خوا یەکێکە لە پرسە گەرمەکانی نێوان گرووپە عەقیدەییەکان و خودیش لە خانەی سیفەتدا بەرجەستە دەبێت و سیفەتەکان دەبنە پێناسی خود. موعتەزیلەکان لە ڕوانگەی سیفەتەکانی خواوە ((گەیاندبوویانە ئەو ڕادەیەی کە خودای بێ وێنە هیچ سیفەتی نییە, کە زیاد بن لە زاتی! ئینجا لە بەرانبەر واندا ئەهلی حەدسیش زێدەڕۆییان کردبوو لە ئیسپاتی سیفەتەکانی خوادا, هەتا ئەندازەی وێچواندنی خوا بە دروستکراوەکانی)) (باپیر, ٢٠١٨, ١٤٧). هەرچی ئەشعەرییەکانە ئاڕاستەیەکی دیکە هەڵدەبژێرن و پێیان وایە ((خوا خاوەنی چەندین ناو و سیفەتە, کە لە قورئانیشدا ئاماژەیان پێکراوە, بەڵام ئەم سیفەتانە نە بەشێکن لە خودی خود و نە جودا و سەربەخۆشن لە خود, بەڵکوو لەسەر خودن و لێی جیا نابنەوە)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ٥٤). ئەمەش واتا نە سیفەتەکانی خوا پەك دەخەن و نە بەرجەستەی دەکەن, بۆیە مەولەوی دەڵێت:

**سیفاتی زاتی وەک هەروەکو زاتەن          خاریج لە دەرکی گشت مەخلووقاتن**

**گشت زائید لە زات نە عەین نە غەیر          [من حیث الأیجاد اثارها خیر]**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠)

مەولەوی ئەوەی دەربڕیوە سیفەتەکانی خوا لە خودی خۆی جیا نین و پێکەوەن.

خوا هاوشێوە و هاوبەش و هاوتا و لێکچووی نییە و مەولەوی دەڵێت:

**بێ شەریک و میسل بێ شەبیە و نەزیز          بۆ موتیع بەشیر بۆ عاسی نەزیز**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

مادام خوا تاکە, بۆیە هاوبەش و نموونە و لێکچوو و هاوتای نییە.

ئەو خوایە هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە و بێ نیشانەیی نیشانەی ئەوە, بۆیە مەولەوی دەڵێت:

**زاتێ نیشانەی بێ نیشانی وێ          دەشێ عیلمی کەس چی لێ نەزانیوێ**

(زوبدەی عەقیدە, ٣٠)

هەروەها خوا ئاماژەشی پێ نادرێت بۆ دەستنیشانکردن و مەولەوی دەڵێت:

**ئیشارە ڕێگەی ئەلای ناکەوێ          بە ((هنا)) لەگەرەو بە ((ثمة)) لەوێ**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

لێرەدا مەولەوی ئەوەی خستووەتە ڕوو لەبەرئەوەی خوا بێ هاوشێوەیە, بۆیە ناتوانرێت بە ئێرە و ئەوەی ئاماژەی پێ بدرێت, ئێرە و ئەوێ دوو ئامراز بۆ شوێن بەکاردێن و شوێنیش ئافرێنراوە, بۆیە مەولەوی دەڵێت:

**نە لە زەمین واس نە لە ئاسمان** **[لیس في الزمان ولا في المكان]**

(زوبدەی عەقیدە, ٨)

خوا بێ شوێنە و ناکرێت شوێن دەورەی بدات, بۆیە دەڵێت:

**لە جیهەت کەنار لە حەییز ئەودەر** **((لیس بعرض ولا جوهر))**

(زوبدەی عەقیدە, ٨)

خوا لە چوارچێوەی شوێنێکدا بەرجەستە نابێت, چونکە ئەندامی هاوشێوەی ئافرێنراوەکانی نییە و ماددە نییە, ئەمەش تێڕوانینی ئەشعەرییەکانە و پێچەوانەی بۆچوونی موجەسیمەکانە, کە خوا بە ئافرێنراوەکانی دەچوێنن.

ئەشعەرییەکان پێیان وایە سیفەتە ئەزەلییەکانی خوا ((وەکوو خودی خۆی بە هیچ شتێك ناچن و پێوانە و بە عەقڵ دەرك ناکرێت)) (شوان, ٢٠١١, ٩٧). بۆیە مەولەوی دەڵێت:

**چ سیفاتی زات بێ شەبیە و میسال** **چ سیفاتی پاک حەمیدە ئەفعال**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠)

کەواتە سیفەتەکانی خوا وەک خود بێ هاوتا و بێ هاوشێوەن.

لە سیما دیاردەکانی پێناسکردنی خودی خوا بابەتی قەدیمبوونە. قەدیم پێچەوانەی نوێ (حادیس)ە, حادیس واتە شتێك بە پرۆسەی ئافراندندا ڕۆیشتبێت و شتێك پێشتر نەبووبێت و لە کاتێکی دیاریکراودا بێتە بوون, بەڵام قەدیم لە کاتێکی دیاریکراودا پەیدا نەبووە و نەئافرێندراوە, بەڵکوو ((لە ئەزەلەوە دێت و هەبوونی ئەزەلییش هەتاهەتایی و بێ کۆتاییە)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ٨٠).

مەولەوی خوا بە ئەزەل و ئەبەد ناو دەبات, کە خوا هەبووە و هەر دەمێنێت و لەم لایەنەوە دەڵێت:

**ئەزەلی و ئەبەدی وەبێ بیدایەت** **ئەبەدی و ئەخیر وەبێ نیهایەت**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

خوا خودێکی قەدیمە, هەر هەبووە و هەیە و هەر دەبێت.

لەبارەی ئەزەلی و سیفەتی قەدیمیی خودی خواوە مەولەوی دەڵێت:

**یانی وجودی ((لذاتە))ی یە** **بووگە و هەس دەوێ و مووجیدی نییە**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

خوا خودێکی قەدیمە و بە پرۆسەی ئەفراندن تێنەپەڕیوە و تازە (حادیس) نییە و بوونی خوا پێویستە و دەبێت هەبێت, بۆیە مەولەوی دەڵێت:

**زاتی گشت قەدیم لە حودوس سافی** **وجودی فیعلی حادیس ئیزافی**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠)

کەواتە خوا قەدیمە دوورە لە حادیسبوون.

sjh@univsul.edu.iq

**هەر ئەوە [بالذات واجب الوجود] [ذو الألوهية] و خاليق و مەعبوود**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

لێرەدا خودی خوا لە خودی خۆیەوە هەبووە و هەر دەبێت و هەر خۆی ئافرێنەرە و ئەمەش قەدیمبوونی خوا دەردەخات و مەولەوی دەڵێت:

**لە ئەزەل ئەو بوو نە هیچ بوونە کەس بەبێ چوون لەگەڵ هەموو چتێ هەس**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

ئەمەش دیسانەوە قەدیمبوونی خودا دەردەخات.

وەک چۆن خودی خوا قەدیمە, ئەوا سیفەتەکانیشی قەدیمن, چونکە سیفەتەکانی خوا لە خوا جیا نین, لەمبارەوە مەولەوی دەڵێت:

**سیفاتی قەدیم زۆر شەرەفناکن لەبەرودوا پاکیان پاکن**

(زوبدەی عەقیدە, ٦)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت خوا کۆمەڵێک سیفەتی ئەزەلی و قەدیمی هەیە.

ئەشعەرییەکان حەفت سیفەتی ئەزەلی و قەدیمی بۆ خوا دادەنێن, کە سیفەتە واتاییەکانیشان پێ دەگوترێت و مەولەویش یەک بە یەک باسیان دەکات:

**بە زووان عولەمای سوفات حەیات پێی دەڵێن ((امام الصفات))**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠)

لێرەدا باسی حەیاتی کردووە و وەک گەورەی سیفەتە ئەزەلییەکان ئاماژەی پێ داوە.

**دووەمین سیفەت عیلم و شوعورە لە سەبقی جەهل و تەفەککور و دوورە**

(زوبدەی عەقیدە, ١٢)

عیلم دووەم سیفەتی ئەزەلی خوایە و ئەم سیفەتە لە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دوورە.

**سێیەم ئیرادە یانیهای خواهش خواهیشی ئەبەد بێ کەم و کاهش**

(زوبدەی عەقیدە, ١٢)

ئیرادە و ویست سێیەم سیفەتی زاتی و ئەزەلیی خوایە.

**چوارەم قودرەت تاممەی کامیلە بۆ گشت مورادات خالیق شامیلە**

(زوبدەی عەقیدە, ١٢)

قودرەت چوارەمین سیفەتی قەدیمی خوایە.

**پێنجەمین سەمعە و شەشەمین بەسەر هەفتەمین کەلام سێ وەسفن خود سەر**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بیستن و بینین و کەلام سیفەتی پێنجەم و شەشەم و حەفتەمن.

جگە لەو حەفت سیفەتە واتاییانە سیفەتی هەشتەمیش خراوەتە ڕوو, مەولەوی دەڵێت:

**ئەشعەری فەرمووی: بەقا هەشتەمین شێخ ئەبو مەنسوور دەفەرمووت تەکوین**

(زوبدەی عەقیدە, ١٦)

پێشەوا ئەشعەری بەقا بە سیفەتی هەشتەمی دادەنێت و پێشەوا ئەبو مەنسووری ماتوریدی تەکوین بە هەشتەم سیفەت دادەنێت, ئەمەش جیاوازییەکی نێوان دوو گرووپەیە.

جگە لەو سیفەتانەی باس کران, کۆمەڵێک سیفەتی دیکەی خوا هەن پێیان دەگوترێت سیفەتە خەبەرییەکان و ((ئەم سیفەتانە لە ڕێگەی عەقڵەوە نازانرێن ئەگەر خوای گەورە یان پێغەمبەر (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت) هەواڵ و خەبەر نەدەن کە خوای گەورە خاوەنی ئەم سیفەتانەیە)) (سیوەیلی, ٢٠١٩, ٢٧_٢٨). سەبارەت بە تێڕوانینی ئەشعەرییەکان بۆ ئەم سیفەتانە ئەوا ((ئەصڵ لە مەزهەبی ئەشعەرییەکان (تەفویض)ە, تەئویل ڕێگەچارە و چارەسەرێکە لە کاتی پێویست و ناچاریدا دەستی بۆ دەبرێ و بەکاردەهێنرێ)) (هەرشەلی, ٢٠٢٣, ١٥٣).

مەولەوی دەڵێت:

**وەکو ئیستیوا و وەجە و یەد و عەین لە مەعنای زاهیر تەنزیهی دەکەین**

**ئەمجار یا تەفویز دەکەین وەک سەلەف یا تەئویل دەکەین هەروەکو خەلەف**

(زوبدەی عەقیدە, ٢٠)

مەولەوی چەند نموونەیەکی لە سیفەتە خەبەرییەکانی خوا هێناوەتەوە وەک؛ ئیستیوا و دەموچاو و دەست و چاو و پاشان وەک ئەشعەرییەک هەڵویستی بەرانبەر ئەو سیفەتانە خستووەتە ڕوو, کە واتای ڕووکەشی ئەو سیفەتانە وەرناگرین و بۆ پاکڕاگرتنی خوا وەک پێشین بێدەنگی لێ دەکەین یان وەک پاشین ئەتویلێکی گونجاوی دەکەین.

**2_ کەلامی خوا**: سەبارەت بە کەلامی خوا, واتە سیفەتی کەلام لە کۆنەوە کێشەی قووڵ لەنێوان گروپە ئیسلامییەکان لە ئارادا بووە و هەردەم مایەی ناکۆکیی هزری و بیروباوەڕی نێوان لایەنگران و پەیڕەوکەرانی گروپە جیاوازەکان بووە. هاوەڵانی فەرمووده, کە دەقگەراکانیشیان پێ دەگوترێت دەیانگوت قورئان قەدیمە, هەم ماناکەی, هەم واتاکەی, هەم ئەو دەنگەی پێی دەخوێنرێت, تەنانەت پەڕەکان و ئەو مەرەکەبەش پێی نووسراوە, هەر قەدیمە, موعتەزیلەکانیش دەیانگوت: قورئان ئافرێندراوە (باپیر, ٢٠١٨, ١٤٩).

ئەشعەرییەکان پێیان وایە کەلام یەکێکە لە سیفەتەکانی خوا و ((خودا موتەکەلیمە بە کەلامێکی قەدیم)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ٨١) و مەولەوی دەڵێت:

**بەو سیفەتە حەق بێ حودود و حەد موتەکەللیمە ئەزەل تا ئەبەد**

(زوبدەی عەقیدە, ٥٠)

سەبارەت بە قەدیمبوونی کەلامی خودا مەولەوی دەڵێت:

**[ ثم الكلام وصف أزلي قائم بذات ربنا العلي]**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤)

مەولەوی کۆمەڵێک لە کتێبە ئاسمانییەکان و پەیامی پێغەمبەران باس دەکات و پاش دەڵێت:

**تەسدیقت بوێ کە هەموو حەقن کەلامی قەدیم حەقی موتڵەقن**

**سیفەتی قائیم بە زاتی بێڕەنگ نییەن لە قەبیل جینسی حەرف و دەنگ**

(زوبدەی عەقیدە, ٤٠)

ئەو کتێبە ئاسمانییانە کەلامی قەدیمی خوان, بەڵام قەدیمییەکە لە خودی کەلامەکەدایە و لە دەنگ و پیتدا نییە.

ئەشعەرییەکان وردەکارییان لە سیفەتی کەلامدا کردووە بەو پێیەی ((ئەشعەری جیاوازیی لەنێوان کەلامی نەفسی و کەلامی لەفزی کرد لە بابەتی کەلامی خودا, کەلامی نەفسی سیفەتی ئەزەلی خودایە و قورئانە, قورئان کەلامی خودایە و ئافرێندراو نییە, لەبەر ئەوەی سیفەتی خودایە, هەرچی کەلامی لەفزییە ئەوە ئەو پیت و دەنگە دابەزێنراوانەن لەسەر زمانی فریشتەوە بۆ پێغەمبەر)) (رستم, ٢٠٠٧, ١٣٠).

مەولەویش وەک ئەشعەرییەک هەردوو جۆری کەلام ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

**مەعنایەک هەیە ویجدانی لە لات غەیری عیلمتە و سائیری سیفات**

**بەو مەعنا دەڵێن کەلامی نەفسی نە عەرەبییە نە کوردی و نە فارسی**

(زوبدەی عەقیدە, ٤٠)

کەلامی نەفسی ئەوەیە لە قاڵبی دەنگ و وشەدا نییە و لە چوارچێوەی پیت و کاغەزدا نییە و لای خودی خوایە و یەک کەلامە و بەش بەش ناکرێت.

لەبارەی جۆرەکەی دیکەی کەلامەوە دەڵێت:

**ئەمیچیان کەلام تۆیە و لەفزییە موتەعەددیدە و موتەجەزییە**

(زوبدەی عەقیدە, ٤٨)

کەلامی لەفزی جۆراوجۆرە و بەش بەش دەکرێت و لە کەلامی نەفسییەوە پەیدا دەبێت.

هەر مەولەوی لەوبارەوە دەڵێت:

**کە نەفسی و لەفزی بوو لێت بوو موحەققەق بزان ئیتیفاق هەس بۆ ئەهلی حەق**

**لەمەدا ئەوەڵ قەدیمە و ئەقدەس جەوازی حودوس تەعەللوقی هەس**

(زوبدەی عەقیدە, ٥٤)

کەلامی نەفسی قەدیمە و بەراورد بە کەلامی لەفزی پیرۆزترە.

کەواتە کەلامی نەفسی سیفەتێکی ئەزەلی و قەدیمیی خوایە و وەک سیفەتەکانی دیکە بە خواوە بەندە.

**3_بینینی خوا**: ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی لەنێوان گروپە ئیسلامییەکان ڕای جیاوازی لەسەرە. موشەبیهەکان واتە ئەوانەی خوا بە بوونەوەرەکانی دەچوێنن, بۆچوونیان وایە خوای گەورە وەک سەرجەم بینراوەکانی تر بە سنووورداری دەبینرێت و موعتەزیلە هاوڕاکانیان پێیان وایە خوای گەورە بە هیچ شێوەیەك نابینرێت (الدوري, ٢٠١٥, ٢٢٧). لە بەرانبەریشدا دەقگەراکان و هاوەڵانی فەرمووده پێیان وایە لە ڕۆژی دواییدا خوا دەبینرێت, ئەویش بە بەڵگەی چەندان ئایەت و فەرمووده, لەوانە خوای گەورە دەفەرمووێت: [للذين

احسنوا الحسنى وزيادة] (يونس: ٢٦) هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: (فإنكم ترونه كذلك يجمع الله الناس يوم القيامة) (المنذري, ٢٠٠٧, ٦٤). واتە کاتێک خوا لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤەکان کۆ دەکاتەوە, ئەوا مرۆڤەکان دەیبینن. هەرچی ئەشعەرییەکانە ئەوا بە جۆرێکی سەیری دیکە ئەم بابەتەیان کردووە و ئەوان بڕوایان بە بینینی خوا هەیە و لە ڕێگەی بەڵگەی ئاوەزییەوە بۆچوونەکان پشت ڕاست دەکەنەوە و ئەوە دەخەنە ڕوو, مادام خوای گەورە بوونی هەیە, بۆیە دروستە ببینرێت و لە ڕێگەی بەڵگەی دروستی نەقڵییەوە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە لە ڕۆژی دواییدا خوای گەورە دەبینرێت (الدوري, ٢٠١٥, ٢٢٧). بەڵگەکانی ئەشعەرییەت لە قورئان و سوننەتدا بەرچاو دەکەون, یەکێك لەو بەڵگەکانەش ئەو ئایەتانەی سوورەتی (القيامة)ن, کە خوای گەورە دەفەرمووێت: [وجوه يومئذ ناضرة(٢٢) إلى ربها ناظرة (٢٣)].

مەولەوی باسی ئەوە دەکات, کە مرۆڤ لە دونیا ناتوانێت خوا ببینێت و دەڵێت:

**بە چاوی فانی نابینی باقی باقی دەوینێ باقی وەتاقی**

(زوبدەی عەقیدە, ٥٤)

واتە مرۆڤ ناتوانێت لەم دونیادا خوا ببینێت تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە پێغەمبەر موساش بێت, بۆیە وەڵامی خوا بەم جۆرە دەبێت, کە مەولەوی دەڵێت:

**بە ((لن تراني)) جواوی داوە نابینی تۆ من بەئەم ئیماوە**

(زوبدەی عەقیدە, ٢٦)

هەرچی سەبارەت بە بینینی خوایە لە لایەن پێغەمبەر (د.خ)ەوە ئەوا مەولەوی دەڵێت:

**خەڵاتی وقوع ڕوئیەتی باری بەم چاوی سەرە حاڵی بێداری**

**دەس نادا بۆ کەس لەم دونیایەدا هەر بە شانی خاتم ئەنبیایەدا**

(زوبدەی عەقیدە, ٢٦)

مەولەوی پێی وایە پێغەمبەر (د.خ) خوای بە چاوی سەر بینیوە, ئەویش لەو کاتەی لەم دونیایەدا نەبووە و لە کاتی شەوڕۆییدا بووە.

هەرچی سەبارەت بە بینینی خوایە لە ڕۆژی دواییدا ئەوا مەولەوی دەڵێت:

**وقووعی ڕوئیەت ڕۆژی قیامەت دەوێ بە دەلیل بە قورئان و سوننەت**

(زوبدەی عەقیدە, ٢٨)

ئەشعەرییەکان ئەوە دەخەنە ڕوو لە ڕۆژی دواییدا خوا بە چاوی سەر دەبینرێت و ئەم بۆچوونەشیان بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە پشت ئەستوورە.

**٤_ تیۆری کەسب**: بابەتی جەبر و ئیختیار و ئازادبوون و ناچاربوونی مرۆڤ لە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی کردەوەکانی مەسەلەیەکی پڕ گفتوگۆ و باسێکی گەرموگوڕی نێوان گروپە ئیسلامییەکان بووە. هەندێك گروپ وای بۆ دەچن مرۆڤ لە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی کردەوەکانیدا ئازاد نییە و کردەوەکانی مرۆڤ بە ویست و فەرمانی خوا دەبێت و مرۆڤ جێبەجێیان دەکات. لە بەرانبەردا هەندێک گروپی دیکە پێیان وایە مرۆڤ لە کردن و نەکردنی کردەوەکانیدا ئازادە و خۆی بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی و بە ویست و خواست و بە شێوەیەکی هۆشیارانە و ئازادانە ئەنجامیان دەدات. لە گرنگترین ئەو گروپانەی پێیان وایە مرۆڤ سەرپشك نییە لە ئەنجامدانی کردەوەکانی خۆی جەبرییەکانە, ئەوان ((وایان داناوە ئەوی دەقەومێ و ڕوو دەدات بە خواست و

sjh@univsul.edu.iq

فرمانی خودایە و لە چارەی مرۆڤدا نووسراوە)) (عەزیز, ٢٠١٣, ١٤٨). بە پێچەوانەی ئەوان موعتەزیلە وەك دیارترین ئەو گروپانەی جەخت لەسەر سەرپشکبوونی مرۆڤ دەکەنەوە لە ئەنجامدانی کردەوەکاندا و وای دەبینن ((کردەوەکانی بەندە, بەندەکان خۆیان دەیخوڵقێنن و خودا نە کردەوەکان دەخوڵقێنێت و نە بڕیاریشی لێ داون)) (فیغو, ٢٠١٨, ١٣٢).

ئەشعەرییەکان ویستیان ڕێگەیەکی ناوەڕاست هەڵبژێرن و بۆچوونێکی مامناوەند بهێننە کایەوە, ئەوە بوو تیۆرییەکی نوێیان خستە ڕوو بە ناوی تیۆریی کەسب. بە پێی ئەم تیۆرییە ((خودا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و مرۆڤیش لە جێبەجێکردنی کرداریدا شتێك بەدی دەهێنێت, کار و کردار و ڕووداو بێ چەند و چۆن و ئەگەر, بە چاك و بەدیەوە بە سوودبەخش و زیانبەخشییەوە خودا خۆی داهێنەریانە, توانای جێبەجێکردنی کار و چالاکی لە دەرەوەی سنووری خودی مرۆڤە)) (عەزیز, ٢٠١٣, ١٤٨).

بەم پێیە سەرەڕای ئەوەی تیۆریی کەسب ڕێگەیەکی مامناوەندیی ئەشعەرییەکان بوو, بەڵام دیسانەوە گەڕانەوەیەك بوو بۆ بۆچوونی جەبرییەکان, چونکە ئەشعەرییەکان ((تەنیا خودا بە بکەری ڕاستەقینە و بزوێنەری هەموو شتەکان دەزانن و بۆیە وێڕای تیۆریی کەسبیش ئەشعەرییەکان هەر بە لایەنگری جەبرگەرایی لە قەڵەم دەدرێن)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ٩٣).

مەولەوی لە چەند دێڕێکی زوبدەی عەقیدەدا تیشکی خستووەتە سەر ئەو تێڕوانینانەی ئەشعەرییەکان, کە لە بارەی تیۆریی کەسبەوەن. ئەوە دەخاتە ڕوو خوا کردەوەکان دەئافرێنێت, جا خێر بن یان شەڕ, ئەوەی کردەوەکان دەئافرێنێت خوایە و ئەوەشی بەدەستی دەهێنێت مرۆڤە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**ئەفعالی عیباد ئەر خێرە ئەر شەڕ هەموو مەخلوقی خالیقە یەکسەر**

**(فمن حیث الخلق) مەنسووب بەحەقە (ومن حیث الکسب) مەنسووب بە خەلقە**

(زوبدەی عەقیدە, ١٥٤)

کردەوەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای زانیارییەکانی خوان و خوا لێی بەئاگایە و لە زانستی خوا هەیە, کەواتە ((ئەو کارەی کە لە زانستی خودا هەیە دەبێت ڕوو بدات و هەر کارێکیش لە زانستی ئەودا نەبێت مەحاڵە ڕوو بدات)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ٩٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ هەر کارێك ئەنجام بدات لە چوارچێوەی زانست و ویستی خوایە و مەولەوی دەڵێت:

**عیلمی تەمام و ئیرادەی تەمام قودرەتی تەمام (خالق الأنام)**

**ئەڵبەتە ئیجاد لایق بەو دەوێ خالیقی ڕێکی هیچ کەس ناکەوێ**

(زوبدەی عەقیدە, ١٥٤)

ئەو کردەوانەی خوا دەیئافرێنێت مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت و مەولەوی دەڵێت:

**شەرعی ئەقدەسی (عالی جەناب) بەو ئەمرە دەڵێن کەسب و ئیکتیساب**

(زوبدەی عەقیدە, ١٥٤)

٥_ **گوناهی گەورە و پاداشت و سزا:** بابەتی ئەنجامدانی گوناهی گەورە و مانەوە یان دەرچوونی ئەو کەسەی گوناهەکەی کردووە لە بازنەی باوەڕ, یەکێکە لەو بابەتانەی بۆچوون و جیاوازیی لەنێوان گروپە ئیسلامییەکاندا هەیە. هەندێك گروپی ئیسلامی بکەری گوناهی گەورە بە دەرچوو لە بازنەی باوەڕدا دادەنێن, لەوانە خەواریج, کە پێیان وایە ((هەر کەسێك گوناهێك لە گوناهە گەورەکان ئەنجام بدات پێی کافر دەبێت و لە ئاینی ئیسلام پێی دەچێتە دەرەوە, پاداشتەکەشی ئەوەیە لەگەڵ تێکڕای کافراندا بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێنێتەوە)) (ئەبو سعود, ٢٠١٩, ١٦٤). ئەمەش واتا ئەوەی گوناهێکی گەورە بکات و تۆبە نەکات و پەشیمان نەبێتەوە بێباوەڕ دەبێت و

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەچێتە دۆزەخەوە. لە لایەکی دیکەوە موعتەزیلەکان پێیان وا بوو ((بکەری گوناهی گەورە باوەڕدار نییە, بەڵام لە کافر چاکترە, نە بۆ پلەی کەهکەشانی باوەڕ هەڵدەکشێت, نە فڕێ دەدرێتە نێو دۆڵی کوفر)) (جارولّلا, ۲۰۱۹, ۹٦). ئەمەش واتا لە پێگەیەك لەنێو دوو پێگەدا (المنزلة بین المنزلتین) دەبێت, کە دواتر بووە یەکێك لە بنەماکانی موعتەزیلە.

ئەشعەرییەکان بە شێوازێکی دیکە سەیری ئەو بابەتەیان دەکرد, بە جۆرێك پێشەوا ئەشعەری وای دەبینی ((ئەنجامدەری گوناهی گەورە بۆ هەمیشە لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە, بەڵکوو بە گوێرەی ئەوەندە گوناهەی کردوویەتی, سزا دەدرێت و خوا بە سۆز و میهرەبانی خۆی لێی خۆش دەبێت یان دەیبەخشێت)) (الطیب, ۲۰۱٤, ۳٤۳). ئەو بۆچوونەی پێشەوا ئەشعەری جەخت لەوە دەکاتەوە خوا بڕیار لە بارەی چارەنووسی بکەری گوناهی گەورە دەدات, کە بەر لە مردنی تۆبەی نەکردبێت و ویستی خوا وا دەکات بیبەخشێت.

مەولەوی وەك ئەشعەرییەك وا دەڕوانێتە ئەو باوەڕدارانەی گوناهی گەورەیان کردووە, بۆچوونی وایە ئەو کەسانە لە بازنەی باوەڕ دەرنەچوون, ئەوەتا دەڵێت:

**[ عندنا] کاسب گونای کەبیرە　　　هەروەکو کاسب گونای سەغیرە**

**ناوێ بە خاریج لە وەسفی ئیمان　　　یا خێر داخل وێ بە کوفر و ئیمان**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤٨)

لێرەدا ئەوە دەخاتە ڕوو بکەری گوناهی گەورەش وەک بکەری گوناهی بچووک لە بازنەی ئیمان ناچێتەوە دەرەوە, واتە وەک خەواریج نین, کە بکەری گوناهی گەورە بە بێباوەر و دەرچوو لە بازنەی ئیسلام دەزانن و پێیان وایە بە هەمیشەیی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە, بەڵکو ئەشعەری ((باوەڕی وایە کەسێک کە تاوانی گەورە ئەنجام بدات ئەوە کاری دراوەتە دەست خودا و پاداشت و سزای لای ئەوە)) (سەید ئەمین, ۲۰۲۱, ۹۰). بۆیە مەولەوی لە باسی یەزیددا دەڵێت:

**ڕاسە ئەفعالی زۆر قەبیحی کرد　　　بەڵێ چووزانی ئیمانی نەبرد؟**

(زوبدەی عەقیدە, ۹٦)

کەواتە گوناهی گەورە نابێتە ئەوەی بکەرەکەی لە سنووری ئیمان بچێتە دەرەوە.

**٦_ نازڕەوایی (شەفاعەت):** بریتییە لە داواکردنی چاوپۆشیکردن و لێخۆشبوون بۆ گوناهباران لای خودا لە لایەن پێغەمبەر(د.خ) و پیاوچاکانەوە تاوەکوو خوا لەبەر پێگە و کەسایەتیی ئەوان داواکەیان قبووڵ بکات و گوناهباران ببەخشێت. ئەم بابەتەش وەك بابەتەکانی دیکە ڕاجیایی و ناکۆکی لەنێوان گروپەکاندا هەیە. موعتەزیلەکان باوەڕیان وایە هەر کەسێکی گوناهبار بە گوێرەی هەڵە و گوناە و کردەوە خراپەکانی سزا وەردەگرێت و ((هەموو جیاکارییەک ڕەت دەکەنەوە لەسەر سزای خودا بۆ کەسانی تاوانبار, هەر کەس لە خوا یاخی بوو و سەرکەشی نواند, ئەوە شایستەی ئەوەیە سزا بدرێت, چونکە خودای گەورە پاشگەز نابێتەوە لەو سزایەی بۆ گوناهکارانی بڕیار داوە)) (ئەبو سعود, ۲۰۱۹, ۱٦۱). ئەشعەرییەکان باوەڕیان وایە ((شەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ) بۆ گەورە گوناهبارانی ئۆمەتەکەیەتی, بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخ دەریان بهێنێت)) (الأشعري, ۲۰۰۲, ۲۲۸). کەواتە ئەشعەرییەکان بە پێچەوانەی موعتەزیلەکانەوە باوەڕیان بەوە هەیە شەفاعەت بۆ گوناهبارە گەورەکانە.

sjh@univsul.edu.iq

مەولەوی وەك ئەشعەرییەك باوەڕی بە شەفاعەت و داوای لێخۆشبوونی پێغەمبەر(د.خ) بۆ ئومەتەکەی هەیە, بۆیە دەڵێت:

**ڕەجا و شەفاعەت حەزرەتی ڕەسووڵ بۆ کەبیرە وەک سەغیرە مەقبووڵ**

(زوبدەی عەقیدە, ٩٦)

ئەمە واتا شەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ) گوناهکەری گەورە و بچووکی ئومەت دەگرێتەوە.

شەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ) بە پێگەی مەحمود ناسراوە, (الإسراء: ٧٩) هەروەك خوا لە قورئاندا ئاماژەی پێ کردووە [عسى ان يبعثك ربك مقاما محمودا] (الإسراء: ٧٩) مەولەوی لەو بارەوە دەڵێت:

**تا ساحیب ڕوتبەی مەقامی مەحموود ((سەر ئەندەر سوجود دل ئەندەر شوهود))**

**((يسمع ارفع راسك قد تسمع اشفع تشفع سل تعط يرفع)**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤٦)

شەفاعەتکردنەکەی پێغەمبەر (د.خ) سووژدەبردنە بۆ خوا تا داوای لێخۆشبوون بۆ گوناهبارانی ئۆمەتەکەی بکات و خواش داوای قبوڵ دەکات.

بەدەر لەو خاڵانەی باسمان کرد کۆمەڵێک خاڵی دیکەش هەیە مەولەوی وەک ئەشعەرییەک سەرنجی خۆی لەبارەوە خستووەتە ڕوو, لەوانە:

لە مەسەلەی پێشەوایەتی و دانانی پێشەوا (ئیمام), کە پێشەوا ئەشعەری بە یەکەم ناکۆکی نێوان موسڵمانان دەزانێت دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) (الأشعري, ٢٠٠٩, ٨). بۆیە دانانی جێنشین و پێشەوای بۆ موسڵمانان ناکۆکی جیاوازیی نێوانی موسڵمانی لێ کەوتەوە و مەرجەکانی پێشەوا لای گرووپە ئیسلامییەکان جیاوازە. مەولەوی وەک ئەشعەرییەک لەبارەی پێشەواوە دەڵێت:

**موسلم حوڕڕ عاقل بالغ وێ و زەکەر سائیس وێ و زاهیر مەرجیع بۆ بەشەر**

**نەک موختەفی وێ یاخو مونتەزەر بیکێشێ دەگەڵ عەدەم سەربەسەر**

**بەل قورەیشی وێ پاکیزە سییەر خوا نەسلی عەلی نەسلی عومەر**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠٤_١٠٦)

مەولەوی مەرجەکانی پێشەوای خستووەتە ڕوو, کە دەبێت قورەیشی بێت و ئامادە بێت, نەک شاراوە و چاوەڕوانکراو ئەمەش پێچەوانەی بیروباوەڕی شیعەی دوازدەئیمامییە.

سەبارە بە خەلیفەکانی ڕاشیدی ئەوا مەولەوی وەک ئەشعەرییەک ئەوانە بە چاکترین دەزانێت:

**((افضل تلك الفرقة العظام چوارەی لە پێنج هەزار ساڵ تەمام**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠٠)

سەبارەت بەباشترینی ئەو خەلیفانەی ئەوا مەولەوی دەڵێت:

**بێ قسە بکەین لە ((أفضلية)) ئەو بە تەرتیبی خەلافەت نییە**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠٤)

بەڵام لە شوێنێکی ئەو بۆچوونەی خۆت ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:

**هەر بە تەرتیبی ئەمری ئیمامەت حوکمیان هەیە بە ئەفضەلییەت**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠٦)

واتە گەورەیی و ڕێزیان بەپێی ڕیزبەندی خەلافەتیانە.

مەولەوی باس لە خەلافەتی پێشەوا حەسەن دەکات و دەڵێت:

**بۆ موددەی شەش مانگ ئەو ساحێب فنوون (تم الخلافة من بعدي ثلاثون)**

(زوبدەی عەقیدە, ١٠٦)

لە مەسەلەی تەرازووی کێشانی کردەوەکانی مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا, مەولەوی بەرپەرچی موعتەزیلەکانی داوەتەوە بەوەی, کە موعتەزیلەکان باوەڕیان بە کێشانی کردەوەکان نییە, بۆیە دەڵێت:

**حەسەنات بە جیسم پاک نوورانی سەییئات بە جیسم بەد و زوڵمانی**

**(وعلى هذا بلا قيل و قال) مەدفووعە شوبهەی ئەهلی ئیعتیزال**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤٢)

سەبارەت بە بەهەشت و دۆزەخ موعتەزیلەکان بۆ ئەوە دەچن ((هەبوونیان بۆ ئێستا هیچ زەرورەتێکی نییە و تەنیا لە پاش یەکلابوونەوەی تەرازووی کرداری مرۆڤەکان لە ڕۆژی دواییدا هەبوونیان پێویست دەبێت)) (ئەمین, ٢٠٠٧, ١٢٦), بەڵام ئەشعەرییەکان جیاوازتر بۆی دەچن و مەولەوی دەڵێت:

**مەخلووقن ئەلئان خۆت مەکە نادان وەبێ زەروورەت لە زاهیر لادان**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤٤)

لەبارەی ڕەتکردنەوەی بنەمای هۆ و هۆکردەوە مەولەوی دەڵێت:

**موقەددەم ناوی نریاگە سەبەب بە موئەخخەر دەڵێن: موسەببەب**

**هەردوولا هەر خەلق ڕەبی هادی یە سەبەبییەتیان ئەمری عادی یە**

(زوبدەی عەقیدە, ١٤٤)

واتە ئەوەی هۆ و هۆکرد مرۆڤ ناوی لێناون دەنا دروستکردنیان هەر لە ژێر فەرمانی خوایە.

هەروەها تیشکی خستووەتە سەر کۆمەڵێک بابەتی وەک: باشە و خراپ, موعجیزە و کەرامات, باش و باشتر بۆ خودا, پردی سیرات, ڕەتکردنەوەی هەبوونی دوو ئەجەل...هتد.

**ئەنجام**

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١_ مەولەوی لە ڕووی بیروباوەڕی موسڵمانانەوە ئەشعەری بووە و بە چاکی ئاگادار و ئاشنای بنەماکانی ئەو ڕێچکە عەقیدەییە بووە.

٢_ مەولەوی بە گشتی مەنزومەی (زوبدەی عەقیدە)ی لەسەر بنەماکانی بیروباوەڕی ئەشعەری داڕشتووە.

3_ لە مەنزومەکەیدا لە چەندان شوێن بەرپەرچی موعتەزیلەکانی داوەتەوە.

4_ لەو بابەتانەی باسی کردوون بە تێر و تەسەلی و وردی لێیان دواوە وەک: خود و سیفەتەکانی خوا, سیفەتی کەلام, بینینی خوا...هتد.

٥_ هەندێک بابەتی عەقیدەیی باس نەکردووە, وەک: سنووری باوەڕ و کەم و زیادبوونی باوەڕ و هتد.

٦_ مەولەوی پێی وایە پێغەمبەر (د.خ) بە چاوی سەر خودای بینیوە, ئەویش لەو کاتەی لەم دونیایەدا چووەتە دەر و لە کاتی شەوڕۆییدا بووە.

٧_ بەگشتی و بەدیاریکراوی بۆچوونێکی ئەوتۆی دەرنەبڕیوە پێچەوانەی بۆچوونی ئەشعەرییەکان بێت.

**سەرچاوەکان**


قورئانی پیرۆز

یەکەم: کوردییەکان

أ_ کتێب:

١_ ئەحمەد محمد سەعید هەرشەلی (٢٠٢٣), ئەشعەری و ئەشعەرییەکان, کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی, هەولێر.

٢_ بابەعلی شێخ عمر قەرەداغی (١٩٨٥), هەڵبژاردەیەک لە عەقیدەی مەرضیە, چاپخانەی ئیرشاد, بەغدا.

٣_ بڕیار سەید ئەمین (٢٠٢١), ئەبولحەسەنی ئەشعەری, ناوەندی ڕێنوێن.

٤_ حەمید عەزیز (٢٠١٣), فەلسەفەی زانستی کەلام, چاپی یەکەم, چاپخانەی موکریانی, هەولێر.

٥_ حەمە ساڵح حاجی مەلا موحەمەدی گەڵاڵە (٢٠٠٠), زوبدەی عەقیدەی مەولەوی, بەڕێوبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە.

٦_ زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي المنذري (٢٠٠٧), پوختەی صەحیحی موسلیم, و: لیژنەیەک, بەرگی ١, کتێبخانەی ڕۆشنبیر.

٧_ زوهدی جارولڵا (٢٠١٩), موعتەزیلە, و: مەهدی عەبدوڵڵا و وریا جەوهەر, چاپی یەکەم, چاپخانەی تاران.

٨_سەڵاح ئەبو سعود (٢٠١٩), موعتەزیلە, و: شاهۆ عومەر عارف, چاپی یەکەم, چاپخانەی گەنج, سلێمانی.

٩_سيد عبدالرحيم مەولەوی (١٩٨٨), عقیدەی مرضية, لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

١٠_ قاسم غەفوور حەسەن سیوەیلی (٢٠١٩), عەقیدەی سەلەف بۆ تاوتوێکردنی بابەتە ئیمانییەکان و سیفاتە خەبەرییەکان, چاپخانەی جەنگەڵ, تاران.

١١_ قحطان عبدالرحمن الدوري (٢٠١٥), بیروباوەڕی ئیسلامی و مەزهەبەکانی, و: زێبار عزيزخان مهاجر, چاپی یەکەم, نووسینگەی تەفسیر, هەولێر.

١٢_ عەلی باپیر (٢٠١٨), مەوسووعەی بیرکردنەوەی ئیسلامی لەنێوان وەحی و واقیعدا, بەرگی ٣, چاپی یەکەم, نووسینگەی تەفسیر, هەولێر, ٢٠١٨.

١٣_ محمدی مەلا کەریم (٢٠٠١), مەولەوی ژیان و بەرهەمی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر.

١٤_ محەمەد عەلی قەرەداغی (٢٠٠٨), دەقنامە, بەرگی یەکەم, چاپخانەی ئاراس, هەولێر.

ب_ گۆڤار:

١٥_ ابراهيم ئەحمەد شوان (٢٠١١), بیروباوەڕی ئەشعەری لە عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا, گۆظاری ئەکادیمی, ژ١٩.

١٦_ محەمەد عەلی قەرەداغی (١٩٩٣), عەقیدەی مەولەوی, ڕۆشنبیریی نوێ, ژ١٣٠.

پ_ نامەی ئەکادیمی:

١٧_سیروان جەبار ئەمین (٢٠٠٧), ئەشعەرییەت لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا, نامەی ماستەر, کۆلیژی زمان, زانکۆی سەڵاحەددین.

دووەم: عەرەبییەکان

١٨_ أبن كمال باشا (٢٠١١), مسائل الاختلاف بين الأشاعرة و الماتريدية, دار الفتح, عمان.

١٩_ أبي حسن الأشعري (٢٠٠٢), الرسالة إلى اهل الثغر, تحقيق: عبدالله شاكر, مكتبة العلوم و الحكم, المدينة المنورة.

٢٠_ أبي حسن الأشعري (٢٠٠٩), مقالات الاسلاميين و اختلاف المصلين, تحقيق: أحمد جاد, دار الحديث, القاهرة.

٢١_ أحمد الطيب (٢٠١٤), الإمام أبو الحسن الأشعري, مركز الأزهر للتأليف و الترجمة و النشر, القاهرة.

٢٢_ أحمد محمود صبحي (١٩٧٨), في علم الكلام, مؤسسة الثقافة الجامعية, الاسكندرية.

٢٣_ سعد رستم (٢٠٠٧), الفرق و المذاهب الأسلامية, طبعة الخامسة, دار الاوائل, دمشق.

٢٤_ مصطفى بن عبدالرحمن بن عبدالله بن علوي (بدون سنة طبع), العطاس, عقيدة الإمام الأشعري, دار الأصول, حضرموت.

٢٥_ مولاي عبدالسلام احمد محمد الحساني فيغو (٢٠١٨), نظرات في العقيدة الاشعرية, دار الكلمة, القاهرة.

## مولوي و عقيدة الأشعرية منظومة (زبدة العقيدة) نموذجا


هذا البحث الموسوم ب(مولوي و عقيدة الأشعرية منظومة (زبدة العقيدة) نموذجا) يتكون من المقدمة و فصلين و نتائج و قائمة المصادر

حاول الباحث في المحور الاول ان يبين كيف جاء هذة جماعات العقيدية و كيف ظهر العقيدة الأشعرية و تبنيها عند علماء الدين الكورد, بعد ذلك تسلطنا ضوء على مدى تأثير هذة العقيدة على مولوي و ظهرنا هذا التأثير بدلائل.

في المحور الثاني حاول الباحث أن يعرف القراء بمدى الانعكاس العقيدة الاشعرية في منظومه العقيدية و تناولنا بدلائل الاشعرية مع بيان الأسس الفكرية التي انطلقت منها الاشعرية منها: ذات الله و صفاته, صفة الكلام, رؤية الله, الشفاعة, نظرية الكسب...الخ

و في اخر البحث نشرنا أهم نتائج التي حصلنا خلال هذا البحث.


**كلمات المفتاحية:** مولوي, العقيدة, الأشعرية, زبدة العقيدة.

## Mawlawi and Ash'arism faith

## Book of (Zubda Aqida) an example


This paper entitled (Mawlawi and Faith (Gist of Faith) consists of an introduction, two chapters, results and a list of sources.

The researcher in the first axis tried to show how these doctrinal groups came about and how Ash'ari faith emerged and adopted by Kurdish religious scholars.

After that, we shed light on the extent of this belief’s influence on a capable jurist, and we showed this influence with evidence.

In the second poplar, the researcher tried to familiarize the readers with the extent of the relection of the poetic doctrine in this book.

And at the end of the research, we published the most important products that we during this research.


**Keywords:** Mawlawi, Faith, Ash'arism, Gist of Faith